**"د.کەمال سەید قادر "لەوەڵام بە پرسیاری دەنگەکان**
**لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال**

دەنگەکان: **ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمرۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟**

**د.کەمال سەید قادر** : بە ڕای من تاوانی ئەنفال نەک هەر نەتوانراوە بکرێ بە مێژوو بەلکو هەولی جدیش هەیە بۆ لە تەپسکردنی ئەم تاوانە لە سەر هەردو ئاستی ناوخۆییو دەرەکی، وە هەر یەک لەم لایەنانەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە. لە لایەنی ناوخۆوە پێش هەمو شتێک کوردەکانی تاوانباری ئەنفال کەوا ئێستا هەر خاوەنی دەسەلاتن لە کوردوستان وە زۆریان لە ڕیزی هەردو حیزبی سەرەکی پلەو پایەی بەرزیان پێ دراوە وە هەتا قودسیەتی پەرلەمانی کوردوستانیشیان پێشێلکردوە خۆیانو ئەم لایەنانەی پشگیریان لێ دەکەن هەمو هەولێک دەدەن بۆ ئەوەی ئم لاپەڕە بۆرو خوێناوی یە لە مێژوی ڕوڕەشی خۆیان بدڕێنن و لە بیری بکەن.
تاوانی ئەنفال جگە لەوەی کەوا ئێستا مەگەر جار بە جار بە سەر زارەکی ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەگەرنا لە ژیانی سیاسی کوردی هیچ ڕۆلێک نابینێت وە ئەوەی پەیوەندی بە باری گوزەرانی قوربانی یەکانی تاوانی ئەنفالو کەسوکارەکانیان هەیە ئەوا ئەوان خەون بەو ژیانە دەبینن کەوا تاوانبارانی ئەنفال کۆنە جاشو سیخوڕەکان لە کوردوستان بە سەری دەبەن. من خۆم دیومە کەوا ئافرەتێک کە هەمو کاسوکارەکەی خۆی لە ئەنفال لە دەست دابو پاش سەرهەلدانەکەو دەرکردنی ڕژێم لە کوردوستان ببو بە نۆکەر لە مالی کۆنە ئەمین عامێکی بەعس ئەرزی دەسڕی یەوە.
ئەمەش پەیوەندی زۆری بە نەفسیەتی کوردیوە هەیە کەوا سەدەها سالی کوێلەیاتیو ژێر دەستی گیانی کوێلەیاتی لە گیانی خولقاندوە ئەگەرنا چ میللەتێک لە جیهان قایل دەبێت خائنەکانی بە سەریا زال بن، شوێنی ئەم جۆرە کەسانە لە هەموجیهان دادگاکانە بۆ گەیشتن بە سزای ڕەوای خۆیان.

لە ئاستی دەرەکیشەوە ئەوا لە بەرجیاوازی ئەم لایەنانە هۆکارەکانی بێ دەنگیشیان جیایە.
لایەنی عەرەبیو ئیسلامی بە هەرجۆرێک بێت دەیانەوێت ئەم لاپەڕە ڕەشە لە مێژوی کۆمەلگاکانیان ڕەشکەنەوەو جیڕ بە جیڕی بکەن چونکە بۆ لایەنی عەرەبی تاوانەکە ڕژێمێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی پێ ی هەلساوە وە بە پشتیوانی ئەو کاتەی بەشی هەرەزۆری خەلقانو حکومەتانی عەرەبی. لایەنی ئیسلامیش لای ڕونە کەوا ئەم تاوانە بە ناوی ئیسلامەوە کراوە وە ناوی ئایەتێکی قورئانی پیرۆزیشی لێ نراوە لە گەل ئەوەشا هەم ڕێکخراوی دەولەتانی ئیسلامیو هەم ئەزهەرو هەم دەولەتانی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی لە تاوانە بێ دەنگ بون. جارێکیان پاش تاوانەکەی هەلەبجە پەیوەندیم کرد بە سەفارەتی سعودی لە ڤینا وە لە ژێر ناوی ڕاستەقینەی خۆم داوام کرد کەوا دەولەتی سعودیە وەکو نوێنەری ئیسلامی سوننە هەلوێست دژ بەم تاوانە وەرگرن بەلام ماوەیەکی پێ نەچو داوایەکم لە پۆلیسی بەربەرەکانی تێڕۆرەوە بۆ هات کەوا ئێستاش وەکو بەلگەنامە پاراستومە داوام لێ دەکات سەر لە پۆلیسی نهێنی نەمسا بدەم چونکە سەفارەتی سەعودی سکالایەکی تۆمار کردوە دژ بە من گوایە من هەڕەشەی تێڕۆری سەفارەتم کردوە. دیارە هەمو وولاتانی ئیسلامی بە پێ ی پڕۆپاگەندەی ڕژێم ئێمەی کوردیان بە کافر داناوە. سەدرەدین ئاغاخان، نوێنەری پێشوی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەلێت کاتێک چوم بۆ وولاتی مالیزیا داوای یارمەتیم کرد بۆ ئاوارە کوردەکان کاربەدەستانی ئەم وولاتە بە منیان گوت کوردەکان کافرن بۆیە بەم جۆرە سزا دەدرێن.

وولاتانی ئەورپاو ئەمریکاش بە شێوەیەکی گشتی دوو هۆکار پالیان پێوە دەنێت کەوا هەلبدەن بەڕێک بە سەر ئەم تاوانەدا بدەن: یەکم هۆکار ئەوەیە کەوا بەشێک لەم وولاتانە وەکو ئەمریکاو ئەلمانیاو هۆلەنداو بەریتانیا و ڕوسیا بۆ نمونە خۆیان ڕاستەوخۆ بەشدار بون لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە لە ڕێگای ناردنی چەکی کۆمەلکوژو کەرەسەی سەربازی تر بۆ ڕژێمی پێشوی عێراق پێش ئەنجامدانی تاوانی ئەنفالو هەلەبجەو پاش ئەنجامدانی تاوانەکەش. وە دووەم هۆکار ئەوەیە کەوا ئەم وولاتانە بە ئەرکی خۆیان هەلنەسان لە کاتی ئەنجامدانی

تاوانەکە بە پێ ی یاسای نێو دەولەتی بۆ قەدەغەکردنو سزادانی تاوانبارانی ئەنفال. چونکە بە پێ ی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنو سزادانی تاوانی جینۆسایدی سالی 9.12.1948 ئەرکی هەمو کۆمەلگای نێو دەولەتی بو کەوا بە هانای کوردەوە بێن وە لێ پرسراوانی ڕژێمی بەعسی ئەو کاتە سزا بدەن.
بۆ نمونە لە پێشەکی ئەم ڕێککەوتننامەیە هاتوە: تاوانی جینۆساید تاوانێکە بە پێ یە یاسای نێودەولەتی. واتە ئەمە تاوانێکە دژ بەهەمو مرۆڤایەتی بۆیە هەمو وولاتان لێپرسراون بەرامبەر سزادانو قەدەغەکردنی.
وە هەروەها لە مادەی 4 هەمان ڕێککەوتننامە هاتوە: هەرکەسێک بە تاوانی جینۆساید هەلسێت دەبێ سزا بدرێت جا ئەو کەسە چ لە سەر دەسەلات بێت چ فەرمانبەر بێت یاخود کەسێکی تایبەت بێت.
لای هەمومان ئاشکرایە چۆن لێپرسراوانی ڕژێم پاش تاوانی هەلەبجەو ئەنفال لە ئەوروپاو ئەمریکا دەهاتنو دەچون کەچی دەبوایە بە پێ ی یاسای نێو دەولەتی یەکسەر دەسگیر وە دادگایی بکرێن. وە هەتا ئەگەر لایەنی کوردیش نارەزایی خۆی بەرامبەر بەم تاوانە لە یەکێک لە پایتەختەکانی ئەورپا دەربڕیبا ئەوا لەوانەیە توشی سزادانو لێپرسینەوەی سزایی ببا. بۆ نمونە چەند ڕۆژێک پاش تاوانەکەی هەلەبجە کۆمەلێک لە کوردەکانی ڤیەننا کەوا کوردی هەمو پارچەکانی کوردوستانی لە خۆ دەگرتەوە هێرشێکیان کردە سەر سەفارەتی عێراق وە چەند پەنجەرەیەکیان بە بەرد شکاند وە پیاوانی ڕژێمیش دەستیان بە تەقە کردن کرد، بەلام پۆلیسی نەمسا لە جیاتی ئەوەی لە سەرچاوەی تەقەکردنەکە بکۆلێتەوە هەلسا ئێمەی هەمو بە تومەتی بەردهاویشتن دەستگیر کرد وە وەکو تاوانبار هەلسوکەوتمان لە گەل کرا وەکو گرتنی وێنەمانو وەرگرتنی مۆری پەنجەمان.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش وەکو ڕێکخراوێک بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی هەمو میللەتو کەسێک وە ڕێکخەری ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنو سزادانی جینۆساید دەبوایە پێش هەمو لایەنێک دژ بە تاوانی ئەنفال بوەستێت کەچی ئەم ڕێکخراوە بە تەواوەتی بێ دەنگ بو.جارێکیان پێرێس دێ کوێلار سکرتێری گشتی ئەو کاتەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سالی 1989 هات بۆ بارەگای ئەم ڕێکخراوە لە ڤیەنا وە کۆبونەوەیەکی لە گەل هەمو کارمەندانی ڕێکخراو لە ڤیەنا بەست، منیش ئەو کاتە خولێکی یەک سالەم دەبینی لەم ڕێکخراوە وە ئامادەی کۆڕەکە بوم. سکرتێری گشتی باسی هەمو جۆرە گیروگرفتێکی جیهانی کرد لە ئەفغانسانو نیکاراگواوە تا فەلەستین کەوا بەرای ئەو هەرەشە لە ئاشتی جیهانی دەکەن بە بێ ئەوەی بە یەک ووشەش ناوی کوردو هەلەبجەوە ئەنفال بێنێت. منیش سکالایەکم ئامادەکرد ویستم پاش تەواوبونی کۆڕەکە پێشکەشی بکەم. کە چوە دەرەوە کەوتمە دوای بەلام پاسەوانێکی زۆری لە دەوروبەری بو پێ ی نەدەگەیشتم خۆشبەختانە یەک لە پاسەوانەکان کوردێکی گەرمیان بو بە ناوی سەردار دەلۆ ڕێگای بۆ کردمەوە پێ گەیشتم وە باسی مەسەلەی ئەنفالو هەلەبجەم بۆ کرد وە داواشم لێ کرد بە زوترین کات شتێک بکات دژی ئەم تاوانانە جگە لەوەی کەوا گازاندەشم کرد لەوەی کەوا بە هیچ جۆرێک ناوی کێشەی کوردی نەهێنا لە ووتارەکەی. پێرێز دێ کوێلار لە پێش ئەم هەمو خەلقە بەلێنیدا بە زوترین کات شتێک بکات بەلام هەر ئەم بەلێنە بو.
بەم جۆرە تاوانی ئەنفال نەک هەر مایەی ڕورەشی یە بۆ لێپرسراوانی ئەم تاوانە بەلکو بۆ هەمو کۆمەلگای نێو دەولەتی.
لە لایەکی تریشەوە دەبێ لە گەل خۆمانا ڕاستگۆ بین. ئەگەر ئێمەی کورد خۆمان پاداشتی تاوانبارانی ئەنفال بدەینەوەو لە جیاتی سزادان پۆستیان پێ ببەخشین نابێ لامان سەیر بێت ئەگەر کۆمەلگای نێو دەولەتیش چاو لەم تاوانە بپۆشێت.

**دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟**

**د.کەمال سەید قادر** : ئەرکی ڕۆشنبیر لە هەمو کاتێکدا هەر یەکە ئەمیش داکۆکی کردن لە حەقو گوتنی ڕاستی یە وە پەنجە لە چاونانی درۆو گەندەلیو خیانەتو ناعەدالەتی یە. جا دەبێ چی ناعەدالەتی یەک لە تاوانی ئەنفا

گەورەتر بێت. ڕاستە چەکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا سنوردارە بەڵام ئەم چەکە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە کار بێت ئەوا چەکێکی زۆر کوشندەیە.

لێرەدا دەبێ ڕۆشەنبیر پێش هەمو شتێک تیشک بخاتە سەر ئەو ناعەدالەتی یەی تا ئێستاش بەردەوامە بەرامبەر بە قوربانیانی ئەنفال جا چی پەیوەندی بە باری گوزەرانیانەوە هەبێت یاخود بە سزانەدانی تاوانباران. ڕاستە قوربانیانی ئەنفال زیندو ناکرێنەوە بەلام دەتوانرێ هەمو کارێک بکرێت بۆ سوککردنی باری قورسی کەسوکارەکانیان لە لایەنی ئابوری و کۆمەلایەتی یەوە. دەبێ قەرەبوی عادیلانەی ئەم کەسوکارانە بکرێتەوە ئینجا تاوانبارانی ئەنفال بە تایبەتی کوردەکان دادگایی بکرێن.

بێ گومان ڕۆشنبیری لە خۆ بوردو لە کوردوستان زۆرن کەوا لە نزیکەوە هەمو کاتو ژیانی خۆیان بۆ خزمەتکردنی قوربانی یەکانی ئەنفالو ئاشکراکردنی ئەم تاوانە تەرخانکردوە وە ڕۆشەنبیرانی دەرەوە هەرچی بیکەن ناتوانن بە قەدەر ماندوبونی یەک ڕۆژی ئەوان خزمەتێک پێشکەش بکەن.

وا دیارەکەسێکیش ناتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکاتو بە دەستی بێنێت ئەگەر لە مافەکانی خۆی ئاگادار نەبێت بۆیە ئەرکی ڕۆشەنبیرو مافپەروەرانی کوردوستان ئەوەیە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە مافەکانیان ئاگادار کەنەوە وە ببنە وتەبێژی داواکاری یەکانیان.جگە لەوەش کەوا تەنها ڕۆشنبیر دەتوانێ دەنگی قوربانیانی ئەنفالو دواکاری یەکنیان بگەیەنێتە بەر گوێ ی کۆمەلگای نێودەولەتی چونکە هەردو حیزبی سەرەکی کەوا هەردو ئیدارەکەی کوردوستان بە ڕێوە دەبەن ناتواننو نایەنەوێ بەم کارە هەلسن بە هۆی دەستتێکەلکردنیان لە گەل تاواننبارانی ئەنفال خۆیان لە جاشو سیخوڕو فایلچی یەکان.

**دەنگەکان : دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟**

**د.کەمال سەید قادر** : مێژوی میللەتی کورد هەر هەموی ئەنفالە ئەگەرچی توندی یەکەشی بە گوێرەی کاتو شوێن گۆڕاوە. جا بۆیە دەستنیشانکردنی ڕۆژێک بۆ بیرەوەری ئەنفال لەوانەیە شتێکی باش بێت بەلام زۆر کەمە چونکە مەبەست لە ڕۆژێکی وا وە بیرهینانەوەی ئەم تاوانە وە ئاگادارکردنەوەی خەلقی کوردوستانە کەوا تاوانی لەم جۆرە هەردەم دەتوانێ ڕوبداتەوە ئەمەش بە لای کەمەوە پێ ویستی بە هەفتەیەک هەیە کەوا چالاکی جۆراوجۆری تیادا ئەنجام بدرێت وەکو کردنەوەی پیشانگاو بە ستنی کۆڕی جیا جیا لە سەر ئەم تاوانە. جگە لەوەش پێ ویست بە کردنەوە مۆزەخانەیەکی هەمیشەیی هەیە بۆ تاوانی ئەنفال بۆ نمونە لە شارێکی وەکو کەرکوک جگە لە دروستکردنی دیوارێکی مەڕمەری ڕەش کەوا ناوی هەمو قوربانیانی ئەنفالی لە سەر نەقشکرابێ. ئەم کارانە هەر هەموی زۆر زەحمەتە کەوا لایەنی ڕەسمی پێ ی هەلسێت لەبەر ئەو هۆیانەی کەوا باسمانکرد بۆیە دەبێ ڕۆشنبیرانو دلسۆزانی میللەت پێ ی هەلسن.